**کتێب: پێدەشتی کارمامزە کوژراوەکان**
**بابەت: ڕۆمان**
**نووسەر: شێرزاد حەسەن**
**سلێمانی، ساڵی ٢٠٠١**

* نووسین گەڕانێکی بێ هودەیە بەدوای «خود»دا، «خود»ێک کە وندەبێت و سەرلەنوێ وندەبێتەوە، خودێک کە دابەشبووە لەنێوان ونبوون و لەیادچوونەوەدا. نووسینی چاک هەمیشە گەڕانە بەدوای هەزارەها شتی ونبوودا. بەدوای هەزارەها شتی لەیادکراودا. بەدوای هەزارەها شتی نەبیستراو و نەبینراودا. زۆربەی زۆری ڕۆمانە نایابەکانی دونیا باسی گەڕان دەکەن. گەڕان بەدوای نەمریدا... گەڕان بەدوای بەهەشتێکی ونبوودا... گەڕان بەدوای بەختەوەریدا. ئەم ڕۆمانەی شێرزادیش باسی گەڕان دەکات، بەڵام گەڕانی ئینسان بەدوای ئینسان خۆیدا.

* لە زۆربەی زۆری چیرۆک و ڕۆمانی کوردیدا، ئافرەت هەمیشە وەک ڕۆح زیاتر ئامادەیی هەیە وەک جەستە. ئافرەت هەموو نووسین داگیردەکات و خۆی دیارنییە. ڕۆحی لە هەموو شوێنێکە و جەستەی لە هیچ شوێنێ نییە. لەم ڕۆمانەشدا ڕۆحی هەمین، یادگاری هەمین، هەناسەی هەمین لە هەموو شوێنێکە و خۆی دیارنییە و ونە. لەڕاستیدا ئەم ونبوونی جەستەیەش زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ ئەو شەرمە خۆرهەڵاتییەی کە پیاوانی ئێمە لە جەستەی ئافرەتی دەکەن، بەهەمان ئەو شەرمەی ئافرەتی ئێمە لە جەستەی پیاو. شەرمێکە لە نەستی ئێمەدا ڕووبەرێکی گەورەی داگیرکردووە و لەوێوە حوکمێکی سەیرمان دەکات. ئەم شەرمە کە دواجار دێتەوە ناو ئەدەب، لە ئاگایمان بێت یان نائاگایی، دەبێتە ڕۆحێکی دیار و بزێو و شاعیرانە و لە هەمان کاتدا جەستەیەکی جوان و سێکسی و خەیاڵی بەڵام ون.

* شێرزاد حەسەن بە زمانێکی شیرین کە هەر لە خۆی دێ، دێت و ڕۆحی هەمین وەک هەناسەیەکی غەمگین بە هەموولایەکی ڕۆمانەکەدا بڵاودەکاتەوە.

ڕۆحی هەمین لە هەموو شوێنێکە، لە کون و قوژبنی ماڵەکەدایە، لە کون و قوژبنی یادگاری دەروێشدایە. نووسەر بەوەوە ناوەستێ و هەمین بڵاودەکاتەوە. زۆر شارەزایانە بەناو دێڕەکاندا بڵاویدەکاتەوە... دێڕەکان دەکات بە پرد و هەمین... هەمینی ونبوو دەگەێنێتە هەموو شوێنێ... قوربەسەر بایز... بایزی تەنیا... نووسەر دێت و یەک خەمی سەرەکی هەیە، ئەویش بڵاوکردنەوەی هەمینە. بۆ ئەوەی ئەم سیحرەشی سەربگرێت، دێت و زۆر دڵڕەقانە هەمین، لە دەروێش وندەکات. یەکەمجار لە خەیاڵی بایزەوە بۆ ناو چاو و خەیاڵی ئێمەی خوێنەر. بۆ بست بە بستی کەلاوەکەیان، بڵاوکردنەوەی هەمین بە کۆڵانەکاندا، بەناو یادگارەکاندا... لەناو گۆرانی و حەیرانەکاندا، لەناو دڵۆپە بارانەکاندا، لەناو لافاوەکەدا، لەناو شەودا، لەناو سروشتدا. لە فەنتازیای ئێمەی خوێنەردا هەمین دەبێتە کەسێکی گرنگی ژیانی ئێمە، یادگاری ئێمە.

نووسەر چونکە خۆی تووشبووە دێت و زۆر وەستایانە ئێمە تووشدەکات. وامان لێدەکات ئێمەش بگەڕێین بەدوای هەمیندا. ئاخر هەمینی سەربەقوڕ تۆ لەکوێی؟

نووسەر هەر هەموومان دەکاتە دەروێش بایز بۆ گەڕانێکی بێ هودە بەدوای هەمینەکانی خۆماندا. بایز بە هەزارەها خوێنەری لەگەڵدایە و تەنیا و بێ دەسەڵاتە، هەر کتومت وەک تەنیایی و بێدەسەڵاتی ئێمەی خوێنەر لەکاتی خوێندنەوەدا. لێرەوە دوو جەمسەری گرنگ دەردەکەون. جەمسەرێک دەروێشە، چاوەڕوانە و دەگەڕێ و عەوداڵە، جەمسەرەکەی تر خوێنەرە، دەخوێنێتەوە و دەگەڕێ و چاوەڕوانە. هەمینیش کەس نازانێ کەوتۆتە کوێوە، تەنانەت نووسەریش.

لەڕاستیدا بێدەسەڵاتی دەروێش، زیاتر دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە ونبوونی هەمین فراوانترە لە گەڕانی دەروێش. ئێمە ونبوونی هەمین زیاتر بەهۆی گەڕانی دەروێشەوە دەبینین، بۆیە ئێمەش بە هەمان ئاستی دەروێش بێدەسەڵاتین. هەر لەگەڵ فراوانی گەڕانی بێ هودەی دەروێشدا، ونبوونی هەمینمان سەدەها جار لا فراوانتر و گەورەتر دەبێت.

* هەناسەی نووسین هەتا بڵێی خێرایە. خێرایە بەقەدەر هەناسەی گەڕان. گەڕان سیفەتێکی شڵەژان و خێرایی بەخۆیەوە دەگرێت. هەمان سیفەت هاتۆتە ناو هەناسەی نووسینەوە، هەمان سیفەت دواجار دێتە ناو هەناسەی خوێندنەوەوە. سەرەتای خوێندنەوەی ڕۆمانەکە، سەرەتایەکی خاوە، بە هەمان ئەندازەی خاوی دەروێش لە سەرەتای گەڕانەوەیدا بە خۆی و ڕیشۆڵەکانییەوە، بە هەمان ئەندازەی گێڕانەوەی یادگار کە سیفەتێکی خاوی هەیە.
بەڵام هەر لەگەڵ خێرابوونی لێدانی دڵی دەروێشدا، هەر لەگەڵ خێرابوونی هەنگاوەکانیدا لە گەڕانەوەیەدا بۆ بەردەمی ژنە خۆشەویستەکەی، دێڕەکانی نووسەریش خێرادەبن و ئێمەی خوێنەریش هەر بە هەمان ئەندازە خێرایی دڵمان زیاددەکات و بە خێراش دەیخوێنینەوە. ئیدی ئەم خێراییە... ئەم هەناسەیە بەدرێژایی ڕۆمانەکە بەردەوام دەبێت، چونکە ئەم هەناسەیە، هەناسەی گەڕانێکە بەدوای خۆشەویستێکدا کە ونبووە و هیچ مەودایەکت ناداتێ بۆ خاووخلیچکی.
* لەدواجاردا، شێرزاد حەسەن لەناو ڕۆمانەکەدا باسی عەشقێکمان بۆ دەکات... عەشقێکی پاک، کە بەداخەوە لەدەرەوەی ڕۆمان، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ کزدەبێت و بەرەو نەمان دەچێ.

01-02-2002

ئارام کاکەی فەلاح